# پەرۆش

## خاڵەبەکر

سەروەرم..،
ئەو دەمەی یادت..
سەرقاڵی هۆنینەوەی ئەم شیعرەی کردم..
ئەندیشەم..،
بوو بە زەمینەی..
دوا یاری کردن و سەدای قاقاو تریقەکەت،
تیشێرت و بیجامەیەکی لەنێو شان و سەر پشتێنەت،
بچوکترو کوورتر پۆشیبوو..
مووچرکەی یاد کێوی مەیلی خستە سەر چۆک..
فرمێسک، دیسانەوە،
تارمایی سیماتی بەبینایی بەخشی..
لەتۆ زیاتر چ نابینم..!
نابەڵەد..!
سینگ کوتانی قەڵەمەکەم..،
بەسەر دێڕەکانی بەرماڵە سپێکەدا ئەهێنم*،
ئیدی دەروو لە کوێ بێنم..،
کۆتایی بە چۆک دادانی مەیل و ئەم شیعرە بهێنم،

پەرۆش..!
دکتاتۆرە خۆش زەبرەکەی سەراپا هۆشمەندیم..!
زەردتر..،
ووشک تر..،
بەبارتر بێت..،
لەگەڵای دەم خەزان..
ئەو لێوانەی،
وەک زاهیدان و سۆفیان..!
زیارەت و دیدەنی ڕوومەتەنانت ناکاو ناتدوێنی..
لێڵ تر بێت..!
کانی و بەری نیگای ئەو چاوانەی،

خۆشەویستی لێ نەتکێت و،
بەسۆزەوە تێت نەڕوانێ..،
شەرمەزار بێ..!
سوێرە فرمێسکی دووری..
ناڕەوایی نەنوێنێت و ،
خوار برژانکت نەڕوشێنێ..
پەڕەی گوڵی دڵە عەترینەکەت نەژاکێنێ..
دڵی نەیەت..!
گڕۆڵە مستی جودایی..
هیچ شوێنێکت بئێشێنێ،
کردنەوەی دەرگاو،
چاوەڕوانی و، سەرەتاتکێ،
لاڕێ پێ تەی نەکات و پیاهەڵزنێ..،
تا ئەو دەمەی..،
لێوی من و ..،
چاوی من و ..،
ناخی من و ..،
دیداری من،
دابڕانمان ڕسوا ئەکاو..،
ئاسودەیی و شادبوونەوە ئەڕەخسێنێ..،
گەرووی مێژینی بێ بابەییشت،
هەناسەی سارد نەی تەزێنێ..!
***

پەرۆش: دوا جگەر گۆشەمە.
*بەرماڵی سپی: مەبەست لە پەڕەی سپی کاغەزە.

bakeramin@hotmail.com